# رۆژی دووشەمە با کورد بەشداری نەکات

ئەوە بووە چوارمانگوخوردە هەتا ئەمڕۆ ، حکومەتی عێراقی دەست نیشان نەکرا...هەردوولا شیعەوکورد لەسەر دانانودانەنانی ئیبراهیم جەعفەری هاودەنگ نین...ئەورۆ عارەبی سونە و کۆنە بەعسیەکان ،کە هەتا دوێنێ سەرکردایەتی کورد بۆ دژایەتی کردنی پۆستی جەعفەری لەگەڵیان هاودەنگ بوون ، ئەمڕۆ بەبێ شەرم داوای پۆستی مام جەلال دەکەن وخۆیان بەخاوەنی پۆستی سەرۆکایەتی عیراق رەوا دەبینن...کوردەحەیاتەکەش هەر پلەی دووەمە لەو عێراقە و لە نووسینی پێشووش ئاماژەم پێکرد یەک ووشە بەکوردی لە پەرلەمانی عێراق قسەنەکرا ...خەریکەوئاشکرایە خەنجەرەکەی هاوپەیمانایەتی لەپشتی کورد دەچەقێنن...جەعفەری و الصدر ئەو داوایانەیان پێخۆشە بەناوی پاراستنی عروبەی عێراق و بەرژەوەندی سنووری عێراق ، جا با مام جەلال هەر لەدژی



قسەکانی حوسنی موبارەک رابوەستێ و پرۆتێست بکا، شیعە بکاتە پاڵەوانی مێژووی عێراقی بێخێر...بۆ سونەوشیعە عەرەبایەتی عێراق زۆر لەو راگەیاندنەی مام جەلال و نەچوونی هوشیار زێباری بۆ کۆبونەی سودان گرنگترە ، شیعە بەو قسانە فێنکی دڵیان نایەت ، بەڵکو کورد بە جیاوازیخواز دەناسن و بە دابەشکەری عێراق دەزانن...رژێمی ئێرانیش دەمێکە ئەو ترسەی لێنیشتووە و حەزیش ناکات کورد هیچیان بۆ جێبەجێ بێت ، چونکە دەزانێ کوردەکانی ئێران دووبەرابەرن و هەتا هەتایی بێدەنگ نابن و لەوبەشەی نیشتمان داوای ئەومافانەدەکەن کە هەتا ئەورۆ پێشێل کراوە بەناوی ئایینی ئیسلام..باسەرکردایەتی کورد هەتا بن ملی عێراقچیاتی بکات هەر بە کوردستانی دەژمێردرێن...عەدنان پاچەچی داوادەکات رۆژی دووشەمە کۆببنەوەو عیراقی نیشتمانی رزگاربکەن...کورد بەرنامەی چیە ... بۆ بەشداری کۆبونەوەیەک دەکات پڕ بە پێستی ئیهانەکردنی کوردە...ئەو کۆنە بەعسیانەی پێشوو و ئەورۆی سیاسی ، هەتا دوێنێ کوردیان بە جاشی ئەمریکا دەناسی کە بووە هۆی روخانی رژێمی صەدام حوسێنی فاشی ، هەتا ئەمڕۆ دڵیان بۆ صەدامی دیکتاتۆر لێدەدا، ئەی بۆ دەبنە ئەو هاو دەنگە لەگەر مەسەلەی کورد لە خۆڕا ئەگەر بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بەدی نەکەن...عەدنان پاچەچی لەسەردەمی رژێمی صدام یەک رۆژ نەمبینی بێتە سەرشەقامەکانی ئیماراتەکانی شێخ زاید باسی عێراقی چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی صدام حوسێن بکات و باسی گۆڕی بەکۆمەڵ و هەڵەبجە و ئەنفاڵ بکات، ئێستاکەش پەرلەمانێک دەکاتەوە کە بە تێکۆشانی شەهیدان و راپەڕینی خەڵک هاتە دی و کەچی ئەو پیرەمێردە هەشتاوخوردەساڵە پۆستی سەرۆکایەتی بە رەوای کورد ناناسێ...موقتەداسەدری پاڵەوانی ئێستاش لەکاتی صدام دا خوێنی باوکی لەبیرکردبوو کەچی ئێستاکە بەرەواینابینی کورد پۆستەکی سەرەکی هەبێت و کەرکوک کوردستانی بێت...سەرکردایەتی کورد لە بازنەیەک دەخولێتەوە کە ئەنجامەکەی بە زیان کۆتایی پێدێت ئەگەر ژێرانەویەکگرتوو جارێ خۆی نەدا...بۆ ئەمریکا گرنگی دامەزرانی ئەو عێراقەیە کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئەمریکا دەکات نەک بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کوردوعێراقییەکان...سەرکردایەتی کورد با زیاتر بە پێکەنینەکانی زەلمای خەلیلزاد باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا دڵخۆش نەبێت ، دۆستایەتی ئەو بۆ کوردەکان هەر لەو خانەیە یەکترەگریتەوە کە بەرژەوەندی ئەمریکا لەسەرووی هەمووانە...سەرکردایەتی کورد هاوارکەن بەشداری هیچ پرۆسەیەکی دامەزراندنی عێراق ناکەن ئەگەر بێتوو گاڵتە بە دوارۆژی کورد بکرێت...

فـــەهــد گـــردەوانی.2006/4/12 ستۆکهۆڵم